# فاولّ له رِۆژنامەكانەوە *

**عەلی مەحمود محەمەد**

پێخۆشحالّم له ئیستا بەدواوە له رێگەی ئەم گۆشەیەوە , بەشێك لەو فاولآنه بگرم , كه رۆژانه له رۆژنامەكان ئیزعاجمان دەكەن , هیوادارم گۆشەكه نەفەسی درێژ بێت , نەفەسی من به قولآیی نەفەسی رۆژنامەكه رێ دەكات , له كوێ وتیان ستۆپ , وەك 2 جاری پێشوتر , له دوو گۆشەی شەهیدمدا لەمەش به بێدەنگی ستۆپ دەكەم , چونكه دەزانم سنوری دیموكراسی كوردستان تا كوێ برِ دەكات , گلەیش لەسەر خۆم.

له بارچونی كۆرپەله چارەسەری بۆ دۆزرایەوە (كوردستانی نوێ 28-6)

وەلآم – ئەی چارەسەری له بارچونی ئەزمون و گەورە بوونی حكومەتی ساوا كەی دەدۆزرێتەوە ؟؟؟.

– له ئایندەیەكی نزیكدا رێنمایی بۆ ئۆتۆمۆبێلی ژمارە ساختەو كاتی دەردەچێت (خەباتی ژمارە 1817 بەرواری 27-6).

وەلآم– نازانم له حكومەتی یاساو كۆمەڵگەی مەدەنی دیموكراتی كوردستان , كه نمونەیه بۆ عێراقی ئاینده , ئۆتۆمۆبێلی ساخته چی دەكات . ئەی توخوا رێنمایی بۆ مستەشارە ساختەكانی وزارەتەكان كەی دەرەچێت ؟؟ .

بەرِێز نەوشیروان مستەفا وتی: وەك پرەنسیب خیلافمان لەسەر یەككرتنەوەی هەردوو ئیدارە نیە(هەمان سەرچاوە).

وەلآم–ئەی وەك تێكەلّ كردنەوەی وشكه پارەی هەلگیراو ؟.

بەرِێز نێچیرڤان بارزانی ووتی : سەرۆكی هەرێمی كوردستان رۆلێكی سەرەكی دەبێت له یەككرتنەوەی هەردوو ئیدارە (هەمان سەرچاوە).

وەلآم– كەستان بینیوە تا ئێستا له كوردستان قسەی سیاسی خراپی بۆ مامی خۆی كردبێت .

پرۆژەی ئاوی خەلیفان تەواو دەبێت (خەبات 29-6).

وەلآم– ئەی توخوا پرۆژەی وشك كردنی قوراوەكەی خەلیفان كەی دەگەێت .

ئاورێك لەم منالّه بدەنەوە , ئەحمەد محەمەد عومەر تەمەن 4-5 سالآنه , چاوەرِێی هیمەتی ئێمەیه بینێرین بۆ هاندەران (رۆژنامەی خەبات 28-6).

وەڵام– مەگەر بە هەڵۆی شەبەحا بەڕێی کەین , ڤیزەکانیش با بۆ کەیف و سەفای بەرپرسان بێت , حکومەتم نەبنیوە داوای فیزە لە خەڵك بکات .

شاری خەونەکان لە هەولێر دروست دیکرێت( خەبات 29–6) .

وەڵام– با ناوی بنێن قەدریەو سەعدیە .

عەلی حەسەن مەجید بە مامۆستا عەلی باپیری وتووە: من دەستم لە کیمیابارانی هەڵەبجەدا نەبوو , بەڵکو نەزار خەزرەجی ئەوەی کرد (میدیا 27–6) .

وەڵام– ئەمە بۆ ئێمە کۆنە , زوو خەزرەجیمان ناسی , بەڵام نامە دڵدارییەکانی دەسەڵاتداران بۆ وزارەتی دادی دانیمارك , ویستیان بەلارێمان بەرن .

شەمزین ساقیق بەشداری شەڕی گەریلا دەکات (میدیا 27–6).

وەڵام– ئەی بۆچی موعەزەز و موکەڕەم بە کۆپتەر بردرایەوە , ئەو ماستە بێ موو نەبوو , هێشتا موی دیکەش ماوە ئاشکرا بێت .

سەرۆکی هەرێم ڕوو لە پارتە سیاسییەکان: هەموو لایەکمان بەرپرسیارین لە بەدیهێنانی داخوازەکانی گەلەکەمان ( کوردستانی نوێ).

وەڵام – دەسکەوتی گەل بۆ ئێوە , چەپڵەو دەنگدان لە ئێمە .

فەرامۆش کردنی مادەی 58 بۆچی؟(کوردستانی نوێ 28–6)

وەڵام – تا ئەمجارەش نامەی نوسراو وەرگرین و بە حەماس بەشداری دەنگدان بکەین .

کۆنە وەرگێڕێکی سەدام حوسێن دەبێتە ئەندامی لیژنەی دەستوور(ئاسۆ28–6).

وەڵام– ئاساییە برا , بۆ کۆنە مستەشاری کورد ببێتە ئەندام پەرلەمان .

قەدریەو سەعدیە 50 ساڵ لێفەیان دوری , شتی کارەبایی لە ماڵەکەیان نەبوو (میدیا 27–6).

وەڵام – ئەمە بەهەشتی کوردستانە , سکرتێری حیزب خڕە بێت , هاووڵاتیانیش وشکە بنەوە .

لە کۆبونەوەی پەرلەماندا , ژمارەی پەرلەمانتارە کوردەکان لە 30 تێپەڕی ناکرد (کوردستانی نوێ29–6).

وەڵام – ئیتر بۆخۆمان تێکدا دەنگمان دا , دیارە 45ەکەی دیکە زیادەن , گرنگ ئەوەیە 67 ملیۆن دینارەکەیان حەڵاڵ کرد , لە چوارچراو ئەبو سەنا کۆبونەوەی لیستی کوردیان هەیە .

سەرۆکی حکومەتی هەرێم لەگەڵ وەفدێکی دوکان و دەوروبەری , بەڵێنی دا بە پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ بەدوادا چوونی هۆکاری دواخستنی پڕۆژەکان (کوردستانی نوێ28-6 ژمارە 3709) .
وەڵام – ئەوەش هەر لەگەڵ بەرپرسەکان باس بکە , چونکە پرۆژەکان کۆمپانیاکان ئەنجامی دەدەن , کۆمانیاکانیش مولکی بەرپرسانن , ئیتر لێپرسینەوەی بۆچییە , لە کوردستان هەموو شت ئازادە , لە دزییەوە بۆ .... تەنها کۆمپانیاو کۆنتراکت ئازاد نییە .

بەپێی نەخشە (حزب البنا العراقی) سەردانی pkk دەکەن , بەڕێنوێنی موخابەراتی سوریاو عێراق , دۆستایەتی pkk بۆ تێکدانی عێراقە (چاودێر 34).
وەڵام – بەموو لە ڕاگەیاندنەکانی سەردەمی زوو لایان نەداوە , جەعفەری و حەکیم خۆیان بۆ ئێران بە کوشتە دەن , بەرەی تورکمانی شیوەن بۆ تورکیا دەکات , ئەمەش هەڵوێستی نیشتمانی کوردە, دەك ئافەریم لۆخۆتان و کۆمپانیاکانی ئەردۆغانتان لە بازیان وتاسلوجە .

* گۆشەیەکە لە ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی ڕۆژانی دووشەموان بڵاو دەبێتەوە .